ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: 
Data: 

ژمارە: ١
ڕۆژ: ٢٠١٥/١/٢٥

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی سیانزدەیەمی کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٥دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و بە دەنگی هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

بانگکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٥/٢/١ سەعات ١٠ی بەیانی.

٢

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٢

Data: رۆژ: ٢٠١٥/١/٢٧

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە دانیشتنی پانزدەیەمی کۆبوونەوەی دووەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە رۆژی ٢٠١٥/١/٢٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

١. پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان.
٢. پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەهەموو مادەو بڕگەکانییەوە، بە کۆی دەنگی ئامادەبووان.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٣

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٢/١٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی چوارەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٢/١٢دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن کە (١٧) لیژنەن، بەکۆی دەنگی ئامادەبوان و پاڵپشت بە مادەکانی (٣١، ٣٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لیژنەکان بریتین لە:

یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی.

دووەم: لیژنەی تەندروستیی و ژینگە.

سێیەم: لیژنەی پەروەردە و فێرکردن.

چوارەم: لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و ئابووری.

پێنجەم: لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

شەشەم: لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیابیاران و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر.

حەوتەم: لیژنەی سکاڵا و بەدواداچون و دەستپاکی.

هەشتەم: لیژنەی وەرزش و لاوان.

نۆیەم: لیژنەی کاروباری ئاینی.

دەیەم: لیژنەی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و سەرچاوە سروشتییەکان.

یانزدەیەم: لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانیی و هاتوچۆو گواستنەوە و گەیاندن.

دوانزدەیەم: لیژنەی پارێزگاریی (ئاسایش، پۆلیس، بەرگریی شارستانی).

سیانزدەیەم: لیژنەی هونەریی (پلان و پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار).

چواردەیەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیی.

پانزدەیەم: لیژنەی ڕۆشنبیریی و هونەرو ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار.

شانزدەیەم: لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ئەندامان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان.

حەڤدەیەم: لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٤

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٣/٣٠

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سەردار قادر عەلی) بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەریی، بە دەنگی (٢٩) ئەندام.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

No: ژمارە: ٥

Data: ٢٠١٥/٣/٣٠ ڕۆژ:

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| ١. | قادر ابوبکر قادر | سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین | ٣٠ |
| ٢. | واحید بهجت قادر | جێگری ئیدارەی گەرمیان | ٢٥ |
| ٣. | بەختیار عبدالرحمان فتاح | قائیمقامی سلێمانی | ٢٩ |
| ٤. | شهاب احمەد محی الدین | قائیمقامی کەلار | ٢٨ |
| ٥. | ابوبکر بایز ئاڵی | قائیمقامی قەڵادزێ | ٢٦ |
| ٦. | محمد ناصح حسن مصطفی | قائیمقامی دەربەندیخان | ٢٨ |
| ٧. | زانا رحمان رحیم | قائیمقامی پێنجوێن | ٢٧ |
| ٨. | کامەران عبدالله بابکر احمد | بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا | ٢٧ |
| ٩. | زیلوان عادل شکور | بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا | دواخرا |
| ١٠. | طاهر سعید طاهر | بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان | ٢٨ |
| ١١. | محمد عبدالرحمن جلال | بەڕێوەبەری ناحیەی سورداش | ٢٨ |
| ١٢. | ڕێبین عمر محمود | بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ | ٢٨ |
| ١٣. | سەروەر احمد کریم | بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش | ٢٩ |
| ١٤. | هێمن ابراهیم رحمان | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاڵپارێز | ٢٥ |
| ١٥. | اسماعیل احمد رسول شریف | بەڕێوەبەری ناحیەی کاپیلۆن | ٢٨ |
| ١٦. | حمید بارام حمە حسین | بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە | ٢٤ |
| ١٧. | ڕامیار عبدالرحمان احمد | بەڕێوەبەری ناحیەی شێخ تویل | ٣٠ |
| ١٨. | ابراهیم محمود قادر عبدالله | بەڕێوەبەری ناحیەی بێتواتە | ٢٨ |
| ١٩. | دابان محمد عارف | بەڕێوەبەری ناحیەی سروچک | ٢٦ |
| ٢٠. | سەنگەر فائق ڕسول | بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان | دواخرا |
| ٢١. | نەزوەر جعفر بابەکر عبدالله | بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا | ٢٨ |
| ٢٢. | نهرۆ عبدالله پیرۆت | بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر | ٢٧ |

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ٦ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٣/٣٠ ڕۆژ:

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی شەشەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٣/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئیبراهیم عەزیز ئەحمەد | بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٢٧ |
| ٢. | بەهادین ئیبراهیم فارس | بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان | ٢٦ |
| ٣. | ئەبوبەکر حسێن مستەفا | بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی | ٢٥ |
| ٤. | فەرەیدون غەریب حەسەن موراد | بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقاف | ٢٤ |
| ٥. | شاڵاو جەمال ڕەسوڵ | بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ | ٢٥ |
| ٦. | دڵشاد عومەر محەمەد کەریم | بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە | ٢٧ |
| ٧. | شادیە حسێن عەباس | بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی گەرمیان | ٢٨ |
| ٨. | شەلال جەبار حەبیب | بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان | ٢٥ |
| ٩. | دەرون عومەر مەحمود محەمەد | بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی گەرمیان | ٢٥ |
| ١٠. | د. سیروان محەمەد جەمال | بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی گەرمیان | ٢٨ |

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی ــ تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No:　　　　　　　　　　　　　　　　　　　ژمارە: ٧

Data:　　　　　　　　　　　　　　　　　　ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٧

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (ژیلوان عادل شکور) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا، بەدەنگی (٢٧) ئەندام.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

No: ٨ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٧ :ڕۆژ

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

١. بەڕێز (فەرهاد تۆفیق حەسەن) لە پۆستی سکرتێریی کاتیی ئەنجومەن بەخشرا، بە دەنگی (٢٢) ئەندام.
٢. بەڕێز (مەهدی مەحمود محەمەد میرزا) بە سکرتێری ئەنجومەن هەڵبژێررا بەدەنگی (٢٦) ئەندام و دەستیبەکارکرد.

١٢

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

No: ٩ :ژمارە
Data: ٢٠١٥/٤/٧ :ڕۆژ

www.keodd.org
KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەئامادەبونی (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٦) ئەندام، بڕیاریدا بە:

کۆبوونەوەی هەشتەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە شاری چەمچەماڵ و لە یادی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایددا لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤ بەڕێوەدەچێت.

لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر ڕاسپێررا کە بەهاوکاریی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەجێندای کۆبوونەوەکە ڕێکبخەن.

١٣

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەوتەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٧دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی هەموو ئەندامانی ئامادەبوو، بڕیاریدا بە:

١. لەڕێی سەندیکای کرێکارانی کوردستان/ لقی سلێمانییەوە، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی پێنجوێن لە زووترین کاتدا لاببرێت.
٢. لەدەرەوەی یاساو ڕێنماییەکان و بەبێ (وصل قبض)ی ڕەسمیی، هیچ کەس و لایەن و سەندیکایەک بۆی نییە پارەو باج و ڕسومات لە کەس وەربگرێت.
٣. دۆسیەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی مەرزی باشماخ ڕەوانەی دەستەی داواکاری گشتیی دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو پێویستە هەر کەس و لایەنێک سەرپێچییان کردبێت سزای یاسایی بدرێن.
٤. داوا لە وەزارەتی دارایی بکرێت ڕێنمایی نوێ دەربکات و مەرزو خاڵە سنورییەکان ڕێکبخاتەوە.
٥. ئەنجومەنی پارێزگا چاودێریی وردیی ئەم کەیسە دەکات تا دەگاتە ئەنجامێکی یاساییانەی شیاوانە کە لە بەرژەوەندیی گشتیی و سەروەریی یاسادا بێت.

١٤

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی


email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ١١

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/١٤

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی لۆگۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وەک لۆگۆی ڕەسمیی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە هاوپێچی ئەم بڕیارە کراوە، بە دەنگی (٢٤) ئەندام.
ئەم لۆگۆیە لە ئەمڕۆ ٢٠١٥/٤/١٤ەوە کارپێدەکرێت.

١٥

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: | ژمارە: ١٢

Data: | رۆژ: ٢٠١٥/٤/١٤

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ بەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای چەمچەماڵ، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/١٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣١) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

کۆبوونەوەی (نۆ)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یادی دووجار شەهیدکردنی ئەو دەڤەرەدا ببرێتە قەزای پشدەر، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤دا.

16

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ١٣ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٢٤ :ڕۆژ

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی نۆیەمی خۆیدا لە قەزای پشدەر، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٢٤دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام و، بە دەنگی (٢٥) ئەندام لە کۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن، بڕیاریدا بەوەی:

هەردوو ناحیەی (بنگردو خدران) لەسەر قەزای (دوکان)ەوە، پەیوەندیی کارگێڕییان بگوێزرێتەوە بۆ سەر ئیدارەی ڕاپەڕین، ئەم بڕیارە بەپێی مادەی (٦) بڕگەی (١٣) و ، مادەی (٢٦) و هەرسێ بڕگەکەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، وەک پێشنیاز بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

هەموو ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بەم بڕیارە، هاوپێچی ئەم بڕیارە دەکرێن.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ١٤ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٣٠ :ڕۆژ

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

١. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (سالار حسام الدين صالح عمر) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.
٢. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (عمر عبدالله فتاح) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.
٣. پەسندکردنی پاڵێوراو بەڕێز (ئاکۆ یوسف ئەحمەد) بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری گەرمیان، بە دەنگی (٣٠) ئەندام.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیسان

No: ژمارە: ١٥

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٣٠

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بڕیاریدا بە:

پەسەندکردنی ئەم پاڵێوراوانەی خوارەوە بۆ ئەو پۆستانەی بۆیاندیاریکراوە، بەو دەنگانەی دیاریکراون:

| ز | ناوی پاڵێوراو | پۆستەکەی | پەسەندکرا بە دەنگی |
|---|---|---|---|
| ١. | امیر احمد عبدالقادر | جێگری ئیدارەی ڕاپەڕین | ٣٠ |
| ٢. | ڕووف کمال سعید بها | قائمقامی قەزای قەرەداغ | ٣١ |
| ٣. | کامەران حسن فتاح | قائمقامی قەزای ماوەت | ٣١ |
| ٤. | عبدالله عباس رسول | بەڕێوەبەری ناحیەی زاراوە | ٣٠ |
| ٥. | هێمن حمە حسێن حسن | بەڕێوەبەری ناحیەی سیروان | ٢٥ |
| ٦. | عدنان علی محمد | بەڕێوەبەری ناحیەی پێباز | ٣٠ |
| ٧. | سیروان محمد طاهر عزیز | بەڕێوەبەری ناحیەی تەکیەی جەباری | ٢٩ |
| ٨. | عزیز محمد عبدالله محمود | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاوەسپی | ٢٦ |
| ٩. | هێمن بهجت حسن | بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر | ٢٧ |
| ١٠. | ابوبکر احمد خدر | بەڕێوەبەری ناحیەی ئیسێوە | ٢٨ |

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

١٩

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ١٦ | No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٤/٣٠ | Data:

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بەدەنگی (١٧) ئەندام و پاڵپشت بە مادەی (٦) برگەی (١٣)و مادەی (٢٦) و هەرسێ برگەکەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاری ڕەزامەندییدا بە پێشنیازکردن بۆ ئەوەی:

ناحیەی (بەمۆ)، لەسەر ئیدارەی گەرمیانەوە، پەیوەندیی کارگێڕیی بگوێزرێتەوە بۆ سەر (پارێزگای هەڵەبجە).

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی ــ تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ١٧ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٤/٣٠ :ڕۆژ

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەموان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی دەیەمی خۆیدا لە هۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٤/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، بەدەنگی (٣١) ئەندام، بڕیاریدا:

کۆبوونەوەی (١١)یەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە یادی ڕاپەڕینی ١٩٨٧/٥/١٣دا، ببرێتە قەزای سەیدسادق، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٥/١٣دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

٢١

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** | **مجلس محافظة السليمانية**

*Slemani Provincial Council*

No: ژمارە: ١٨

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٦/٣٠

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی سیانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٣٠دا، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، تایبەت بە ئەنجامی بەدواداچوونی شێوازی دابەشکردنی ناوچەی پیشەسازیی و تەرخانکردنی زەوی نیشتەجێبون و زیادەڕەوی بۆ سەر موڵکی گشتیی و باخچەکان لە سنوری شارەوانیی هەڵەبجەدا کە بەفەرمانی ژمارە (٢٨٣) لە ٢٠١٥/٤/١٩ی ئەنجومەنمان پێکهێنرابوو.

دوای تەواوبوونی هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەدواداچوونی ئەم کەیسە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە لە هەردوو دانیشتنی ڕۆژانی ٢٠١٥/٥/٢٦ و ٢٠١٥/٦/٩ی کۆبوونەوەی دوانزدەیەمی ئەنجومەن، پشتبەستن بە مادەکانی (٥)، (٦) برگەکانی (٢، ٨، ١١) (١٢ و خاڵەکانی ١٣، ١٤)، مادەی (٩) بڕگەکانی (١١، ١٢)، مادەی (١٥) بڕگەی (٣)، مادەی (٣٢)، مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، مادەی (١٨) بڕگەی (١٨ خاڵی ٢) بڕگەی (٢٠)، مادەی(١١)بڕگەی (١) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەن بڕیاریدا بە:

(بەهۆی خەمساردیی یان کەمتەرخەمیی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی)، وەک لە مادەی (٦) بڕگەی (٢) خاڵی (١/ج)ی یاسای یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە:

١. لە ڕووی ئیدارییەوە: داوا لە بەڕێز وەزارەتی شارەوانیی بکرێت بە دەرکردنی فەرمانی دەستپێلەکارکێشانەوەی بەڕێز (خدر کەریم محەمەد) سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە لە پۆستەکەی، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە. تا ئەو کاتەی بەپێی مادەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنرێنەوە، وەزارەتی شارەوانی بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا سەرۆکێکی نوێ بۆ شارەوانیی هەڵەبجە دیارییبکات.

٢. لە ڕووی یاساییەوە: ئەم دۆسیەیە ڕەوانەی بەڕێز دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان، وێنەیەکیش پێشکەش بەبەڕێز فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی دەکرێت بۆ کاری پێویست.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

www.keodd.org

وێنەی بۆ:

* سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتیی دیوان، لەگەڵ ڕیزدا.
* دەستەی گشتیی دەستپاکیی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی، لەگەڵ ڕێزدا.
* دەستەی چاودێری دارایی لە سلێمانی، لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی هەماهەنگیی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
* دەستەی سەرۆکایەتیی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن، لەگەڵ ڕێزدا.
* ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لەگەڵ ڕێزدا.
* ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، لەگەڵ ڕێزدا.
* ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگای هەولێر/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگای دهۆک/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگای هەڵەبجە/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* پارێزگای کەرکوک/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* ئیدارەی ڕاپەڕین/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا.
* ئیدارەی گەرمیان/ نووسینگەی تایبەت، لەگەڵ ڕێزدا..
* کارگێڕیی.

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

*Slemani Provincial Council*

No: ١٩ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٨/١١ :ڕۆژ

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٥) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بڕیاریدا:

پشتبەستن بە مادەی (٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٢، چوارشەممە، سەعات (١٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەن، تایبەت بە داواکاریی خۆپیشاندەران و کێشەو گرفت و کەمیی خزمەتگوزاریی سنوری پارێزگای سلێمانی، بکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel: 0533181083

ناونیشان: سلێمانی / پارێزگای سەرەکی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

*Slemani Provincial Council*

No: ژمارە: ٢٠

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٥) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدابە:

١. ڕێگرتن لە گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانی و خانە، لە هاووڵاتیانی غەیرە کوردەوە بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی، تا ئەو کاتەی شەڕی دژی داعش و باری ئاوارەبوون لە عێراقدا تەواودەبن، ئەمەش بەپشتبەستن بە مادەی (١٨) بڕگەی پێنجەم لە دەستووری عێراقی.
٢. ئەم بڕیارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە هاوسەرگیریی لەگەڵ کوردێکدا دەکەن کە دانیشتووی پارێزگای سلێمانی بێت و (توحید قید)یان بۆ بکرێت.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.
٤. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
... نزیك بردی قلیاسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: ٢١ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٨/١١ ڕۆژ:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٥) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدابە:

١. ڕێگرتن لە تاپۆکردنی موڵک و ماڵ و زەوی و خانووبەرەی نیشتەجێبوون و بازرگانیی، سنوری پارێزگای سلێمانیدا، بۆ هەڵگرانی ناسنامەی باری شارستانی غەیرە کورد، تا ئەو کاتەی شەڕی دژی داعش و باری ئاوارەبوون لە عێراقدا تەواودەبن، ئەمەش بەپشتبەستن بە مادەی (٢٣) بڕگەی سێیەم (ب) لە دەستووری عێراقی.

٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

٣. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel.: 0533181083
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

No: ٢٢ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٨/١١ :ڕۆژ

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٥) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیموگرافیی سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدابە:

١. ڕێگرتن لە گواستنەوەی کۆبۆنی خۆراک، لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا، بۆ هەڵگرانی ناسنامەی باری شارستانی غەیرە کورد، تا ئەو کاتەی شەڕی دژی داعش و باری ئاوارەبوون لە عێراقدا تەواودەبن.
٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.
٣. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: 								ژمارە: ٢٣

Data: 								ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٦) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٦) ئەندام، بەمەبەستی هاندان و پاراستنی بەروبوومی ناوخۆیی و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیی لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بڕیاریدابە:

١. بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٦ و ٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، زیادکردنی باجی گومرگ لەسەر ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەهێنرێن، بەپێی تایبەتمەندیی بەروبوومی وەرزەکان و پێداویستیەکانی بازاڕ، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا.
٢. لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە، عەمبارو بەڕادی پێویست بۆ هەڵگرتنی ئەو بەروبوومانەی دەکرێت هەڵبگیرێن، دابینبکرێن و عەمبارەکانی ناوچەی سوسێ بۆ ئەم مەبەستە وەک هەنگاوێکی خێرا بەکارببرێن و بخرێنەگەڕ.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.
٤. لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
تاسلوجە / نزيك بردی قلياسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council

No: ٢٤ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٨/١١ :ڕۆژ

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی 2015/8/11، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٧) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانی هاووڵاتیان لە سنوری قەزای سەیدسادقدا، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ برگەکانی ٦ و ٨و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدابە:

١. پچڕاندنی ئەم فەرمانگەیانەی خوارەوەی قەزای سەیدسادق، لە پارێزگای هەڵەبجەو بەستنەوەیان بە پارێزگای سلێمانییەوە:

- فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە.
- فەرمانگەی ڕۆشنبیری.
- یاریدەدەرێتیی ئاسایشی سەیدسادق.
- فەرمانگەی چاودێری کاروباری کۆمەڵایەتی.
- فەرمانگەی کارەبا.
- تێبینەرایەتیی باجی خانوبەرە.
- فەرمانگەی دادنووسی سەیدسادق.
- فەرمانگەی جێبەجێکردن لە سەیدسادق.

٢. پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرێتییە پەیوەندیدارەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: ٢٥ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٨/١١ :ڕۆژ

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٥) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٩) ئەندام، بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی کەلتوری مێژوویی و هونەری تەلارسازیی خۆماڵیی و ڕەسەنایەتیی شارەکان، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ برگەکانی ٦ و ٨) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩و، بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٩/١٣٨ لە ١٩٩٩/٧/٢٠)و، نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە (٤١٦٠/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٩)و، نووسراوی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی ژمارە (١٣٧٢/٥ لە ٢٠٠٩/١٢/١٨)و، نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٤٢٢ لە ٢٠١٠/٩/٢٦)و، نووسراوی وەزارەتی شارەوانیی ژمارە (٢٧٢٩ لە ٢٠١٠/١١/٢٨)دا، بڕیاریدابە:

١. قەدەغەکردنی ڕوخاندنی گەڕەک و خانووە کۆنەکانی سلێمانی، بەتایبەتی لە گەڕەکی سەرکارێزەوە تا سنوری عەقاری (ئاشتی)و لە شەقامی ئیبراهیم پاشاوە تا هەموو گەڕەکەکانی جولەکان.

٢. لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە کاری خێرا بکرێت بۆ ئەوەی گەڕەک و خانووە کۆنەکانی سلێمانی بخرێنە دەست ڕێکخراوی یونسکۆ، بەمەبەستی تۆمارکردن و پاراستنیان و چاودێریکردنیان.

٣. لە لایەن پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ترەوە ئەم بڕیارە جێبەجێدەکرێت و خاوەنموڵکەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.

٤. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com

Tel : 0533181083

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council
No: ژمارە: ٢٦
Data: رۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

www.keodd.org
KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

## بڕیاری ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە رۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٧) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ برگەکانی ٨ و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدا بە:

١. پچڕاندنی گوندی (عەلی ئاوا) لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناحیەی خورماڵ لە پارێزگای هەڵەبجەو، بەستنەوەی بە قەزای سەیدسادقەوە.
٢. پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.
٣. ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە رۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No: ٢٧ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٨/١١ ڕۆژ:

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٢٧) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٩) ئەندام، بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی کەلتوری مێژوویی و هونەری تەلارسازیی خۆماڵیی و ڕەسەنایەتیی شارەکان، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ برگەکانی ٨ و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدا بە:

١. پچڕاندنی گوندی (باراو) لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناحیەی سروچک سەربە قەزای سەیدسادق و، بەستنەوەی بە ناحیەی سیتەک سەربە قەزای شاربازێڕ.

٢. پارێزگای سلێمانی ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel.: 0533181083

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

ژمارە: ٢٨ No:

ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١ Data:

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی گەشەپێدانی سیستەمی بەڕێوەبردن و کاراترکردنی دامودەزگا حکومییەکان و هەردوو کەرتی (هاوبەش و تایبەت)و، نەهێشتنی گەندەڵیی و چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستەمی بەڕێوەبردنی کوالێتیی ISO: 9001، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی و پارێزگای سلێمانیدا.

٢. لەسەر هەموو یەکە کارگێڕیی و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) پێویستە بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆیان لەسەر ئەم سیستەمە ڕابهێنن و کاری پێبکەن و لە هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باوەڕپێکراودا بن لەم بوارانەدا.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
... تاسلوجە / نزيك بردى قلياسان

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No:   ژمارە: ٢٩

Data:   ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٢٩) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی گەشەپێدانی سیستمی بەڕێوەبردن و خۆپارێزیی و تەندروستیی و سەلامەتیی پیشەیی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی جێبەجێکردنی پێداویستیی تەندروستیی و سەلامەتیی پیشەیی نێودەوڵەتیی بەپێی پێوانەی ستاندارد BSOH SAS 18001: 2007. بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و تەندروستیی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی و پارێزگای سلێمانیدا.
٢. ئەم بڕیارە هەموو دامودەزگا حکومییەکان و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) دەگرێتەوە.
٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083

مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

No:

Data:

ژمارە: ٣٠

رۆژ: ٢٠١٥/٨/١١

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٣٠) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٩) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ برگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی پاراستنی ژینگەو کایەیی تەندروستیی گشتیی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی پێداویستییە نێودەوڵەتییەکانی ژینگە بەپێی پێوانەی ستاندارد ISO: 14001: 2004، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلانDانان و تەندروستیی و دەستەی چاککردن و پاراستنی ژینگەو پارێزگای سلێمانیدا.

٢. ئەم بڕیارە هەموو دامودەزگا حکومییەکان و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) دەگرێتەوە.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
سلێمانی – تاسلوجە / نزیك پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ژمارە: ٣١

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١٢

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٣١) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، له کۆبوونەوەی شانزەیەمی خۆیدا (کۆبوونەوەی نائاسیی) له هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، له ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٢، به سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و به ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٣) ئەندام، له کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٣) ئەندام، بڕیاریدا به:

بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کەمیی خزمەتگوزاریی و داخوازییەکانی خۆپیشاندەران له شوێنە جیاجیاکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن ڕاسپێرران بەوەی ڕاپۆرتی خۆیان لەم بارەیەوە" پێشکەش به دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بکەن و،سەرۆکی ئەنجومەن ڕاسپێررا بەوەی بڕیاری پێویست لەسەر هەموو ئەو سێکتەرانە بخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ پەسەندکردن لەسەر ئەم ئاستانە:

١. ئەوەی بەپێی یاسا پەیوەستە به ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە، بڕیاری پێویست و خێرا بدات و ڕێنمایی پێویست دەربکات.

٢. ئەوەی پەیوەستە به پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانییەوە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی لەگەڵ ئەم لایەنانەدا جێبەجێیاندەکات و بەدواداچوونیان بۆ دەکات.

٣. ئەوانەی پەیوەستن به حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و دەستەکانەوە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی ئەم لایەنانە داخوازییەکان بەرزدەکاتەوەو بەدوایاندا دەچێت.

٤. ئەو داواکارییانەی پێویستیان به بڕیارو یاسای پەرلەمانی کوردستان هەیە، ئەنجومەن پڕۆژە بڕیارو یاسا لەڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزدەکاتەوە، ئەمەش به پشتبەستن به مادەی (٦) بڕگەی (٩) لەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

٥. ئەو داواکارییانەی پەیوەندییان به حکومەتی فیدراڵەوە هەیە، ئەنجومەن بەهەماهەنگیی نوێنەرانی کورد له ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و حکومەتی فیدراڵدا، کاریان بۆ دەکات.

٦. ئەم بڕیارە له ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

له سلێمانی نووسرا، له ڕۆژی (١٢) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
ناونیشان: ... / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلۆجە / نزیك پردی قلیاسان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
مجلس محافظة السليمانية
Slemani Provincial Council
No:
Data:
ژمارە: ٣٢
ڕۆژ: ٢٠١٥/٨/١٨

www.keodd.org

# بڕیاری ژمارە (٣٢) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی حەقدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٨، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بڕیاریدا بە:

١. لابردنی بەڕێز (سۆران عەلی مەحمود) لە پۆستی قائیمقامی قەزای شارەزوور، بەدەنگی (٢٩) ئەندام، پشتبەست بە (مادەی سێیەم/ بڕگەی دووەم) لە هەردوو بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و، نووسراوی ژمارە (٢٢٩ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٣)ی پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت.

٢. پەسەندکردنی پاڵێوراو، بەڕێز (ڕزگار غەفور ڕەحیم) بۆ پۆستی قائیمقامی قەزای شارەزوور، بەدەنگی (٢٩) ئەندام، پشتبەست بە (مادەی دووەم/ بڕگەی یەکەم) لە هەردوو بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و، نووسراوی ژمارە (٢٢٩ لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١٣)ی پارێزگای سلێمانی/ نووسینگەی تایبەت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٨) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
سلێمانی – تاسڵوجە / نزیک پردی قلیاسان

کاک انوەر


مجلس محافظة السليمانية

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council


No: ژمارە: ٣٣

Data: ڕۆژ: ٢٠١٥/٩/١٥

www.keodd.org

## بڕیاری ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیستەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٧) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانی هاووڵاتیان لە سنوری قەزای شارەزوور، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٦ و ٨و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدایە:

١. پچڕاندنی ئەم فەرمانگەیانەی خوارەوەی قەزای شارەزوور، لە پارێزگای هەڵەبجەو بەستنەوەیان بە پارێزگای سلێمانییەوە:

- فەرمانگەی ڕۆشنبیری.
- فەرمانگەی کارەبا.
- فەرمانگەی جێبەجێکردنی شارەزوور.
- دادنووسی شارەزوور.
- یاریدەدەرێتیی ئاسایشی هەڵەبجەی تازە.
- نەخۆشخانەکانی قەزای شارەزوور.

٢. پارێزگای سلێمانی و قائیمقامیەتی قەزای شارەزوورو بەڕێوەبەرێتییە پەیوەندیدارەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.

٣. ئەم بڕیارە لە دوای (١٥) ڕۆژ، لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٥) مانگی (٩) ساڵی (٢٠١٥)دا.

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**


email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان

www.keodd.org

KEODD
کوردستان بۆ هەمووان بۆ بەرەپێدانی دیموکراسی

<u>وێنەی بۆ:</u>

*ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*وەزارەتی ناوخۆ/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*وەزارەتی داد/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*وەزارەتی ڕۆشنبیری/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*وەزارەتی کارەبا/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*وەزارەتی تەندروستی/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*ئەنجومەنی وەزیران/ فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون/بۆ زانیاریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*دەستەی سەرۆکایەتی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەن...لەگەڵ ڕێزدا.

*پارێزگای سلێمانی/بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشتی/بۆ کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.

*پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشی/بۆ کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.

*پارێزگای هەڵەبجە/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشتی/ بۆ کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.

*قائیمقامیەتی قەزای شارەزور/ بۆ کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.

*دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی / بۆ ئاگاداریتان...لەگەڵ ڕێزدا.

*سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی...لەگەڵ ڕێزدا.

*بەڕێوەبەرایەتی هونەر و ڕۆشنبیری سلێمانی...لەگەڵ ڕێزدا.

*بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی...لەگەڵ ڕێزدا.

*بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی...لەگەڵ ڕێزدا.

*کارگێری.

*وێبسایتی ئەنجومەن/بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی...لەگەڵ ڕێزدا.

*دۆسیەی کۆنووس و بڕیارەکانی ئەنجومەن/لەگەڵ وێنەیەک لە سەرەتاکان.